کەشناسی: پێشبینی دەکرێت تاوکو رۆژی یەک شەممەی داهاتوو باران و هەورەبروسکە بێت



ئەمڕۆ چوارشەممە،دەستەی کەشناسی، وردەکاریی هۆشی کەشوهەوای وڵاتی بە ڕۆژانی داهاتوو ڕاگەیاند،کەتیایدا پێشبینی بارانبارینی بەردەوام ،تاوکو ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو دەکات.

لە ڕاگەیەندراوەکی دەستەکەدا کە دەستی ئاژانسی موتەوە کەوتووە ،تیایدا هاتووە: "سبەی پێنجشەممە، ئاسمان لە سەرتاسەری وڵاتدا هەور دەبێت لەگەڵ بارینی بارانی کەم لە ناوچەکانی باشوور،و پلەکانی گەرما لە هەردوو ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور کەمێک بەرز دەبنەوە و لە ناوچەکانی باشووریش کەمێک دادەبەزن.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە : بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بۆ سبەی پێنجشەممە لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بەم شێوەیە دەبێت: لە دهۆک و سلێمانی 16،و هەولێر 18،و نەینەوا 19،و کەرکووک 21،و سەڵاحەدین و ئەنبار و بەسرا 22،و بەغداد و دیالە و نەجەفی ئەشرەف و کەربەلای پیرۆز و دیوانیە و موسەنا و زیقار 24،و میسان و واست و بابل 25 پلەی گەرمی دەبێت.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە: بۆ ڕۆژی هەینیە،ئاسمان هەور دەبێت لەگەڵ بارینی بارانکی کەمی پچڕپچڕ لە سەرتاسەری وڵاتدا،و پلەکانی گەرما لە ناوچەکانی ناوەڕاست هاوشێوەی ڕۆژانی پێشوو دەبن و لە ناوچەکانی باشوور کەمێک بەرز دەبنەوە و لە ناوچەی باکووریش کەمێک دادەبەزن،هەروەها مەودای بینین

لە کاتی باراندا (7-5) کم دەبێت.

هەر بگۆڕێی راگەیەندراوەکە : ئاسمان بە تۆزی شەمەک، بە گشتی هەور دەبێت لەگەڵ بارینی بارانی کەم لە هەردوو ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور،هەروەک لە بەشەکانی باکووری ناوچەکانی وەاتدا بارانەکە زیاتر دەبێت،و پلەکانی گەرماش لە سەرتاسەری وەات کەمێک لە چاو تۆزی پێشوو بەرز دەبنەوە، مەودای بینین لە کاتی باراندا (7-5) کم دەبێت.

لە کۆتایی راگەیەندراوەکەدا هاتووە : یەکشەممێی داهاتوو،ئاسمان هەور دەبێت،لەگەڵ بارینی بارانێکی مامناوەند و بەخۆ ، کە هەورەبروسکێی لە چەندین شوێنی وەاتدا لەگەڵدا دەبێت،و پلەکانی گەرماش لە هەردوو ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور بەرز دەبنەوە و لە ناوچەکانی باکووریش هاوشێوەی تۆزانی پێشوو دەبن،و مەودای بینین لە کاتی باراندا دەبێتە (7-5) کم.